# نیشـــانێن گەندەلیێ دنـاڤ زانکویا دهــوکێ دا..!



### ماموستایەکێ زانکویا دهوك

ل چەند ژمارێن بوری یێت روژناما (ئەڤرو) چەندین بابەت هاتنە بەلاڤکرن ل سەر زانکویا دهوکێو کارو سستەێ وێ نە خاسمە پشتی ئەو گوتنێن سەروکێ زانکۆیێ داو کەسێن خودان بیرو باوەرێن کوردایەتی، نەخاسمە ئەو گوتنا شرین دەمێ گوتی (دامەزراندنا ماموستایێن عەرەب ل زانکۆیێ خالەکا زێرینە) ل ڤێرێ دیار دبیت تا نووکە سەروکێ زانکویا دهوك قیمەتا زێری نزانیت دسەر هندێ را سەروکەکێ گەڤنارە کو ئەڤە پترە ژ چواردە سالان سەروکێ زانکۆیێو بەری ڤی دەمی ژی بازرگانەکێ شارەزابوو..! وەك د ئێتە گوتن، ئەرێ ئەز نزانم چەوا بازرگان بهاو قیمەتا زێری نزانیت؟

ئەز وەك ماموستایەك ل زانکۆیا دهۆك بو من زور تشت دیار بوینە دناڤ ڤێ زانکۆیێ دا تا ئەڤروکە بوینە پالدەر بو من ئەز ئەڤی بابەتی بنڤیسمو دیار بکەم کا کاروبارێن زانکۆیێ ب چ شێوە برێڤە دچنو ئاستێ گەندەلیێ لاوازیە تا چ رادەیە.

وەك یا ئەز دزانم گەندەلی پێناسەدبیت ب وان کاروبارێن نە هەژیو دوویر ژ سستەمو ئاموژگاریاو ژبو بەرژەوەندیا تایبەت دئێنە ئەنجام دان، ئەڤ چەندە وەك پێناسەکا کورت روونو ئاشکەرا بو گەندەلیێ، ل ڤێرێ زوربەی کارێ زانکۆیا دهوك دبیتە گەندەلی ل دوویف ئەڤ پێناسا ل سەری هاتیە دانان بو گەندەلیێ، ئەم دێ چەند خالێن گەندەلیێ دناڤ زانکۆیا دهوك دا بڤێ رەنگێ ل خارێ دیارکەین:

-سەروکێ زانکۆیێ: سەروکێ زانکۆیا دهوك (عصمت محمد خالد) و سا هەردەم دیار دکەت ودبێژیت کو ئەگەر ئەو نەبا زانکۆ ل پارێزگەها دهوك نە دهاتە ڤەکرن! ئەرێ رولێ پەرلەمانو حکومەتا کوردستانێ تە چ لێ هاتیە؟ ئەرێ ئەگەر پەرلەمانو حکومەتا کوردستانێ نەبا تو تا ئەڤرو بازرگانەك بی تە قیمەتا زێری نە دزانی.

سەروکێ زانکۆیێ گوت بوو، ل دویف پێڤەرێن زانستی یێت جیهانی نابیت (ماموستایێ هاریکار) دەرسا بێژیت د زانکۆیا دا، ئەرێ تا نووکەژی تو ماموستایێ هاریکاری و تو سەرۆکێ زانکۆیێ یی، ما ئەڤ چەندە دبیت؟ راستە تە باوەرناما دکتورایێ ژ دەرڤەی کوردستانێ بخۆ پەیدا کریە، بەلێ یا ئەزو ماموستایێن زانکۆیا دهوك دزانین تا ئەڤروکەژی باوەرناما تە، یا دکتۆرایێ ژ لایێ لیژنا تایبەت یا سەر ب وەزارەتا خواندنێن بلندو ڤەکولینێن زانستی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڤە نەهاتیە راستڤەکرن (تعدیل الشهادة) ئانکو ل دوویف پێڤەرێن زانستی یێت هەرێما کوردستانێ تو ژی ماموستایێ هاریکاری، ئەی سەرۆکێ زانکۆیێ ما ئەڤچەندەژی نابیتە گەندەلی..! هەروسا سەرۆکێ زانکۆیێ بخو چەند ماموستایێن نە هەژی ئامادەکرینە داکو هەردەم بباشی بەحس بکەنو بو چەند بابەتا بنڤیسن ل روژناماو گوڤارا تێدا مەتحەو بباشی سەروکێ زانکویێ ب هەلسەنگینن (دهول قوتێن وینە) ژ بەر کو ئاستێ رەوشنبیریا وی نە گەهشتیە وی چەندێ بشێت بابەتەکی بنڤیسیت تەنها هەردەم دڤێت کەسەك جاڤپێکەفتنەکێ دگەلدا بکت ل سەر هەر بابەتەکی بیت، ژ بەرکو ستەمێ ژیارا وی د خێزانەکا بازرگانیدا بوو هیچ روژەکێ هزرنەدکر ل دزگەهەکێ زانستی کاربکەت، ئەڤجا چەوا هزرو پێشنیارا تەبوو زانکۆ ل پارێزگەها دهۆك ب ئێتە ڤەکرن! بەلێ دەولەت سەرێ پەرلەمانو حکومەتا کوردستانێ تو ئەڤروکە سەرۆکێ زانکۆیی، ل ڤێرێ ما گەندەلی نینە تاقما قولبا (التیارات والکتل) پەیدا بکەت

> ” سەرۆکێ زانکۆیا دهۆك:
> دامەزراندنا ماموستایێن عەرەب ل زانکۆیێ خالەکا زێرینە!! “

دناڤ دزگەهێن میریدا، ب کەیف وحەزا خۆ کەسێن تاقما خۆ دامەزرینێت ل جهێن باش دناڤ زانکۆیێ دا ژبەر داکو خەلەتیو لاوازیێن وی بزر بکەنو ڤەشێرن. کو ئەم دێ باس ل ڤان کەسا ژی کەین دڤی بابەتی دا. زێدە باری ڤێ چەندێ سەرۆکێ زانکۆیێ، زانکۆ کریە بازارەك بو کومپانیێن خو یێن بازرگانی کو هەر کەرستەك بیت ژ کومپانیێن دکریت بۆ زانکۆیێ وەك ناڤمالیو ئامیرێن کارەبێ کومبیوتەر.. هتد، هەژی کوتنێ یە کو ئەڤ چەندە نا ئێتە دیارکرن ب ساناهی ژ بەر کو هەر ژدامەزراندنا زانکۆیێ تا ئەڤروکە لیژنا کرینێ (لجنة المشتریات) ل زانکۆیا دهۆك تەنها چەند کەسنو نەهاتینە گوهارتن! لێ ل دوویف سستەمێن دارایيو کارگێری دڤێت هەر شەش هەیڤا لژنا کرینێ ب ئێتە گوهارتن.. هەروسا ئەو ترومبێلێن سەرۆکێ زانکۆیێ شوفێرێن وی هاتنو چونێ پێ دکەت ترومبێلێن میرینە ژ ملکاتێن زانکۆینە، بەلێ ئەڤان ترومبێلا ژمارێن تایبەت بێڤەنە داکو شوفێرێن وی ب ئازادی پشتی دەوامێو روژێن ئەینیو پێنڤەدانێن فەرمی هاتنو چونێ گەریانێ پێ بکەن، هەر وسا سەروکێ زانکویێ بویە واستە بو چەندێن ماموستاو فەرمانبەرێن عەرەب ژ پارێزگاهێن مویسلو بەغدا.. هتد.. ڤەکو هاستینە زانکۆیێ نەك ژبەر شیانێن وان یێت زانستی بەلکوو ژ بەر نیاسینا وان ددەمێ بازرگانییێدا ئەڤ چەندە دیارو ئاشکەرا دبیت دەمێ هەردەم ئەڤ کەسە سەرەدانا وی دکەن، وەك هەڤال ل ژورا وی نەك فەرمانبەرو ماموستا (ژخالازرینن)!!

رێڤەبەرێ کارگێری (مدیر الادارة) هەر ژ دامەزراندنا زانکۆیێ تا ئەڤروکە کەسەك هاتیە دانان وەك رێڤەبەرێ کارگێری ل زانکۆیێ، براستی ئەڤ کەسە هەژی هندێ نینە بو وی جهی ژبەر مێژوویا وی نە پاپاك دەمێ رژێما بەعسیا ژ بەر پلەیا وی یا حزبا بەعس، هەر وەکی هەمی ماموستاو خەلکێ دهۆکێ دزانیت، دسەر هندێ را هیچ فەرمانبەرەك یان ماموستایەك ژ کارو سەرەدەریا وی یێ رازینینە، بەلێ مخابن ئەڤ کەسە ئێکەمین کەس بوو باوەرناما ماستەرێ ل زانکۆیا دهوك وەرگرتی (ناما خو یا ماستەرێ بدوماهی ئینابوو بەری دەمێ یاسایيو زانستی .. هزر بکە!) هەر وسا ئەڤە چەندین جاران هنارتیە ژدەرڤەی کوردستانێ ب هێجەتێن جودا جودا، ئەڤەژی تاقما ویە.

رێڤەربەرێ ژمێریاری (مدیر الحسابات) ئەوژی وەك رێڤەبەرێ کارگێری هەر ژ دامەزراندنا زانکۆیێ تا ئەڤروکە هاتیە دانان وەك رێڤەبەرێ ژمێریاری ل زانکۆیێ، هەر چەندە ئەڤ کەسە ژی دگەل حزبەکا کارتونی یا کوردی بوو ل سەر دەستی بەعسیا (الحزب الپوری الکردستانی) زێدە باری ڤێ چەندێ هاتیە دامەزراندن وەك ب پلەیا شارەزا (درجه خبیر) هەرچەند دەرچوویێ پەیمانگەهێو ئەڤ چەند نابیت، ب هاریکاریا سەروکێ زانکویێ، ئەڤ کەسەژی وەك یێ دی تر هیچ فەرمانبەرەك یان ماموستایەك ژ کارو سەرەدەریا وی یێ رازینینە!

بەرپرسێ سەخبێریێ (مسوول الصیانة) کا برایەك هاتیە دانان ل ڤی جهی زور بێنا گەندەلیێ ژێ دئێت، ئەڤ چەند دیاربوویە دەمی ل سالێن دزگەهەکێ پەیوەندیدار وەك متلبس گرتی دەمێ گاز دفروتە تانکەرەکی ژ بارا زانکویێ ئەوا ژ عمبارێن حکومەتێ هاتینە وەرگرتن بناڤێ زانکویێ، بەلی پشتی هاریکاری وتدخلا سەروکێ زانکۆیێ هاتە بەردان ژبوو پاراستنا سمعەتا زانکۆیا دهۆك! بەلێ مخابن ئەڤ چەندە بو نەبوو عبرت وتا ئەڤروکە بەردەوامە ل سەر ڤی کاریو تا نوکەژی پانزینا ترومبێلێن زانکۆیا دهۆك ل سەر هەڤالێن خو ژ دەرڤەی زانکۆیێ بەلاڤ دکەت.. هتد.

ل دوماهیێ هندی بێژین بدوماهی نا ئێت، لە ومـا داخواز دکەین ب زویترن دەم کو هورین دناڤ زانکویا مەدا پەیدا ببت ژبوو چارەسەرکرنا گەندەلیا دارایيو کارگێریو زانستی..

# ئــــەم قەیــــرانە تاکەی؟

### دڵخۆش بەکر

ماوەیەکە قەیرانی سوتەمەنی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا سەری هەڵداوەتەوە، وێڕای سەختی مەینەتییەکانی ئەمڕۆ گرانی سوتەمەنی و نرخی نەوتو غازو بەنزین و هەڵسانی نرخی کەڵو پەلەکانی دیکەی بازاڕ بەگشت جۆرەکانی، ئەمانە وایان کردووە قەیرانێکی بەردەوام دروست بکەن کە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچێ، چەندان سکاڵاو گازاندەو خۆپیشاندانو نارەزایەتی خەڵکی بەرز دەبێتەوە بەرامبەر لایەنە پەیوەندارەکانو بەرپرسان، رۆژانە لە کەناڵێ TV یەکان پەخشی رادیۆو رووپەڕی رۆژنامەکان باس لەگرانیو نەبوونی کەڵو پەڵو جۆرەکانی سوتەمەنی دەکەن.

بەراستی لەم وەرزی زستانە ساردو سڕەدا دانیشتوانی کوردستان بەدرێژایی شەو رۆژ بەبێ چراو سۆپاو سەرباری ئەمانەش نەبوونی کارەباو گرفتەکانی مۆلیدەی گەڕەکە ئەهلیەکانیش لەو لاوە بوەستێ، لەژیانێکی تاڵو بێ پێداویستیە ژیارییەکاندا ژیان دەگوزەرێنن. هەر بۆیە خەڵکی بۆ دابینکردنی سوتەمەنی روویان لەکەژو کێوەکان کردووە بۆ بڕینەوەی ئەو دارە جوانانە، بەڕاستی کارێکی نەشیاوو نادروستە. بەڵام بەناچاری خەڵکەکە هەڵدەستن بەو کارە، هەر بۆیە زۆر سەیرە لەوڵاتێکی دەوڵەمەندو پڕ سوتەمەنیدا وەك عێراق ئەم دیاردە ناسروشتیانە سەرهەڵبدەنو خەڵکەکەی بەدەردی ژیانەوە بناڵێنێ!، کەچی بەپێچەوانەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا یەکێك لەئەرکە هەرە زیندووەکانی سەر شانی پارتی دەسەڵاتو حکومەت دانانی یاساو رێسای تایبەتو دابینکردنی ئەو پێداویستیانەیە، کەچی پارتە سیاسییەکانی لای ئێمە بەرێگای سندوقەکانی دەنگدەرانی ئەم خەڵکە هەژارو نەدارە گەیشتوونەتە سەر کورسی دەسەڵاتو ئەم پلەو پایەیان بەدەست هێناوە کە ئەوەی جێگای داخە ئێستا گوێ نەدانە بۆ خواستو داواکانی میللەت. سەردەمانێك بوو بەپاساوی ئەوەی رژێمی پێشوو ئابلوقەی خستۆتە سەر کوردستان، باشە خۆ ئێستا ئەو پاساوو خەمە نەماوەو کوردیش پشکدارە لەدەسەڵاتی ناوەندا، کەچی چەندین پاساوی دیکە دێننەوە وەکو کاری تیرۆرو تیرۆرستان..بەراستی نازانم ئەمە داخۆ پاساوە. یان تەنانەت بیانووە؟!

دەکرێ بپرسین ، ئاخۆ نوێنەرانی کورد کە لەبەغدا پشکدارن ئەرکیان چییە؟ بۆ هەوڵی چارەسەری ئەو گرفتە زیندوانە نادەن کە یەخەگیری خەڵکی کوردستان بونەتەوەو خەریکە ژیان لەهەمووان تێکدەداو نەبوونی کارەباو گرانی سوتەمەنی تەنگی پێ هەڵچنیوین؟!.





# ئەم بڕیارە بەنزینی گرانتر کرد!

### شوفێرێك

مانگێك زیاترە لەشاری هەولێردا هەرچی بەنزین فرۆشی سەر شۆستەو شەقامەکان هەیە هەڵگیراو بڕیاری قەدەغەکردنی درا، ئەم بەنزین فرۆشانە بمانەوێ و نەمانەوێ رادەی بەنزینیان لەشاردا زیاتر کردبوو راستە بوونی بەنزین لەسەر شۆستەکاندا سیمایەکی ناشارستانییە، بەڵام بەقەدەغەکردنی هەم ئەو خەڵکانە بێکاربوونو هەروەها قەیرانی بەنزینی قورسترکردو بەنزین بەرەو گرانی زیاتر رۆیشت، چونکە ئەو بەنزینخانە ئەهلیانە هەرچەندە جۆری بەنزینەکەشیان باشە، بەڵام یەك لیتر بەنزین بە (١٠٠٠) دینار دەفرۆشن، کە جەلیکانێك دەکاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار، ئەوە لەکاتێکدا پێش قەدەغەکردنی بەنزینی سەر شەقام جەلیکانێك بە (١٣٠٠٠) تاکو (١٤٠٠٠) هەزار دینار بوو، باشتر بوو حکومەت بەپلانی وردترو چڕتر بیر لەو بەنزین فرۆشانە بکاتەوە، ئەستەمە وا بەئاسانی بەنزینخانەی ئەهلی ئەو هەموو پێداویستییەی بەنزین دابین بکات، بۆیە لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی کەمدەرامەت هەقە حکومەت نرخی بەنزین لە بەنزینخانەی ئەهلی سنووردار بکاتو کەمی بکاتەوە کە لەگەڵ ژیانو بژێوی هاوولاتیاندا بگونجێ، بەتایبەت ئێستا کە بەنزینخانەی حکومیش داخراوە و کاریگەری لەسەر گرانی بەنزین هەیە.

# کێ ئاوڕێك لەم دیمەنە ناشارستانییە دەداتەوە؟

### فریاد داودی

لەگەڵ ئەوەی دەبوایە (خورماتوو)ی بەناو گڕوگڵپەو خاوەن هەزاران کەسی لێ ئەنفالکراو، بایەخدانێکی زیاتری بە خۆوە دیتباو سیمای پاكو خاوێنی لەخۆ موتربە کردبا. بەڵام چەندین نمونەی وەك ئەم وێنانە شاهید عەیانێکن، کە پاشماوەو پیسایی لەبەردەم ماڵەکانو نێو بازاڕو شەقامەکاندا کەڵەکە دەبن،



کەسیش خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لەلادانو پاککردنەوەیان!. کاتێك ئەم وێنەیە دەبینین لەبەر خۆمانەوە دەڵێین: ئاخۆ ئەم شارە خزمەت دەکرێ؟ ئاخۆ شارەوانی چاودێری هەیە ئاوڕێك لەم دیمەنانە بداتەوە؟ بۆیە هیچ سەیرو سەمەرە نییە کە بەشێك لە هاوولاتیان هانا وەبەر هەموو لایەك بەرن بۆئەوەی لەو زبڵخانەیە دەرباز بن و کەمێك گەڕەکەکانیان خاوێن بکرێتەوە.

لەگەڕەکی (کۆماری) کەس لەزێرابەکەی ناپرسێتەوە، هاوولاتیان لەوێ بەتەواوی بێزار بوون، بەشێك لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە دەڵێن مەگەر بەرێکەوت ئۆتۆمبێلی شارەوانی بێتە ئەم گەڕەکە، ئایا رەوایە لەو دیمەنانە بێ ئاگا بن؟ هێندە لێکدانەوەی بۆ کراوە بێئومێد بووینە لەچارەسەرکردنی.

گەرمیان بەگشتیو خورماتوو بەتایبەتی بەشاری گڕو گڵپە ناسراوە. ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەم شارە قارەمانە کە بەرووی ستەمی زۆرداری بەعسییەکاندا چۆتەوە، بەڵام واپێدەچێت خەریکە زبڵخانەو زێرابەکان هەموو رەونەقەو گەشانەوەیەك لەو شارە بتۆرێنن.

# ٦ کرێکار تیرۆر دەکرێن

شەوی ٢٦ / ٢٧ - ١ - ٢٠٠٧ هەشت کرێکار دوای تەواوبوونی کارەکەیان و لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەگوندی (نارێن)٤ کەناحیەی قەرتەپە، گوندی (عومەری جبور) دەکەونە بۆسەی تیرۆرستانەوەو پرسیاری مەزهەبییان لێ دەکرێت کە کرێکارێکیان کورد دەبێتو یەکێیان عەرەب و چوار کرێکارەکەی دیکەش تورکمانی شیعە دەبن کە دوانیان برانو لەئنجامدا بەگوللە دەسترێژیان لێ دەکەنو شەشیان دەستبەجێ دەکوژرێنو دووەکەی تریش دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەی کۆنی کەلارو پاشان رەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێن.

# کردنەوەی خولێکی کار سەبارەت بە بەڕێوەبردنی گشتی

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دامەزراوەی منداڵانی عێراق، لقی دهۆك هەستا بەکردنەوەی خولێکی کار لە رۆژی ٢٥ / ١ / ٢٠٠٧ سەبارەت بە بەڕێوەبەرێتی گشتیو لەژێر ناونیشانی دروستکردنی توانا دامەزراوەییەکان بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە ماوەی هەفتەیەك بەردەوام دەبێت، هاوکات بابەتەکان لەلایەن راهێنەری پسپۆر (عەبدوڵلا یونس عەبدوڵلا) پێشکەش کرانو تیشکی خستە سەر چەکە گرنگەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیو بوارەکانیو لایەنە عەمەلیەکانی بەڕێوەبردن کە پێویستی بە پلانو رێکخستنو چاودێری و ئاراستەکردن هەیە، هاوکات خولەکە گرنگی دەدات بە بەهێزبوونی کادیرەکانی رێکخراو لەبواری ئیداری لەرووی تیۆریو پراکتیکی لەسەر گفتوگۆکردنی بابەتەکان بە رێگای گروپو گفتوگۆکردن لەسەر بۆچوونەکانو بەستنەوەی بە واقیعی ئێستاو ژیان.

# سوپای عومەر ٢٤ کچی قوتابی دەڕفێنێ

گروپێکی تیرۆرست کە ناوی (سوپای عومەر)ی لەخۆی ناوە، راستەوخۆ دوای لەسێدارەدانی سەدام، لەشاری بەغدا، ٢٤ کچە قوتابی لەئامادەیی (راغیبە خاتوو) رفاندووەو کە دوای چەند رۆژێك (٦) لەو کچانە لاشەکانیان بە ئەتکراوی فرێدرابوو. شایانی باسە ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ کەناڵێکی راگەیاندن ئاماژەی بەم کارە قێزەونە نەکردووەو چارەنووسی (١٨) کچە قوتابییە رفێنراوەکانی دیکەش دیار نییە کە گوایە بەپێی ناوەکانیان لەناسنامەدا رفێنراون.